

# گۆڕێنی ناوی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پاسەوان و نهێنیە شاراوەکانی تەعریب

## گریمانە وبۆچون

**ئاسۆ بیارەیی**
2007-2-28 سوێد
assobyari@yahoo.com

---

عەرەبی داگیرکەر لە بەر ئەوەی دڵنایەیە کە باشووری کوردستان بەشێک نییە لە خاکی موسڵمانی عەرەبی، هەمیشە لە پیلانی ئەوەدایە کە خاڵە سوورەکانی نەتەوەی کورد پێشێل بکات و بیان بەزێنێت. خەمساردی لە گێڕانەوەی کەرکوک و ناوچەکانی تر بۆ سەر باشووری کوردستان و داوای لێ نەبووردن لە گەلی کورد لە سەر شاڵاوی ئەنفال، ئەو ڕاستیە دەسەلمێنن کە تا چەند عەرەب بە (نەتەوەو حکومەتەوە) دژی گەلی کوردن و چاویان بڕیووەتە باشووری کوردستان. هەمان بۆچونی گەلی فارس و تورک، کە بوونی کوردستان لە فەرهەنگی ئەواندا نییە.



کاریگەری ناوی پێشمەرگە لە سەر ئاستی کوردستان و عێراق، گۆڕینی ناوی پێشمەرگە کە جێگەیەکی پیرۆزی هەیە لە مێژووی کورد و ڕەگی داکوتیوە لە کۆمەڵگەی کوردی، کام نهینی لە دەربڕین و سووربوون لە سەر ئەو پرۆسەیە( گۆڕینی ناوی پێشمەرگە) لە خۆی حەشارداوە، پێوەندی نێوان مانەوەی ناوی پێشمەرگە وەکو پێشمەرگە چ کاریگەریەک دەبینێت لە سەر دیدە و تێڕوانینەکان؟

عەرەب کە نەتەوەیەکی سەردەستە و کورد وەکو کۆیلە سەیردەکات، بە هەموو هێزیەوە دەخوازێت باشووری کوردستان هەمیشە بە لکاوەیەی بهێڵێتەوە و گەلی کوردیش تەعریب بکات. هەوڵدانی گۆڕینی ناوی کەرکوک بە شاری تامیم، گۆڕینی جەژنی نەورۆز بە(عید الشجرة) و باشووری کوردستان بە شیمالی عێراق باشترین نموونەن.
گریمانەکان لێرەدا ئەو پرسە دروست دەکەن، کە ئایا، مانەوەی ناوی پیشمەرگە وەکو پێشمەرگە، کام زیان لە نەتەوەی عەرەب دەدات! ئەگەر عەرەب پێشمەرگە وەکو هێزێکی دوژمن سەیر نەکات بۆ هەوڵ دەدات ناوی بگوڕێت! ڕاستی لەوێ دایە کە چەندان ساڵە، پێشمەرگە بەرگری لە باشووری کوردستان دەکات و دژی سوپای داگیرکەری عێراق شەڕ دەکات. ئایا عەرەب ئامادەیە ناوی فیدائیەکانی فەلەستین بنێت پاسەوان؟ یان شاری قودس بکات بە ئۆرسەلیم؟ وەڵام نەخێر، کەواتە گۆڕینی ناوی پێشمەرگە بۆ پاسەوان کۆمەڵێک نهێنی شاراوەی تێ ئاخەن کراوە:

عەرەبە شۆڤێنستەکان بۆ لە باربردنی هێزی پێشمەرگەی کورستان و کردنیان بە یەکێک لە هێزە ئاساییەکانی عیراقی عەرەبی، بۆ بوچەڵکردنەوە پیرۆزیی ناوی پێشمەرگە، هەوڵی ئەوە دەدەن ناوی پێشمەرگە بگۆڕن، نەک لە بەر ئەوەی ناوێکی کۆنە و ناگونجێت، ئەگەر ناوی پێشمەرگە کۆن و بێ مانا بێت، ئێ خۆ ناوەکانی موجهاد و ئەسحابەش بە سەدەها ساڵە بەشێکن لە فەرهەنگی عەرەب و ئیسلام و باویان نەماوە! ئایا کەسێک یان لایەنێک دەتوانێت داوای گۆڕینی ئەو ناوانە بکات و بڵێت ئەوانە پێوەندیان بە تێرۆرەوە هەیە و عەرەب بێ دەنگ بێت؟ نەخێر. کەواتە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی هیماکانی گەلی کورد، لە سەرچاوەیەکی ڕەگەستپەرستانەوە لە دایک بوون، نەک بەسەرچوون بە هۆی کات و سەردەمەوە.

گریمانەیەکی گرنگی تر، کە پێچراوەتە گۆڕینی ناوی پیرۆزی پێشمەرگەوە، ئەوەیە کە هێزی پاسەوانانی کوردستان دەبێت تەنها ئەرکی بەرگری بێت، کە لە هەمان کاتدا هێشتا زۆر بەشی باشووری کوردستان داگیرکراوە و عەرەب بە خاکی کوردیان دانانێت. لێرەدا مەبەستی نەتەوەی سەردەست ئەوەیە، کە ئەو هێزە لە هێزێکی ئەکتیڤەوە بکات بۆ هێزی تەمەڵ و بێ کەڵک کە نەتوانێت بەرگری پیرۆزیەکانی نەتەوەی کورد بکات و وەکو هێزێکی ڕوکەشی بێت.

گریمانەی سێیەم، بەستنەوەی بودجە و موچەی هێزی پاسەوانانی کوردستان(پێشمەرگەی جاران) بە بودجەی سوپای داگیرکەری عەرەبی عێراقەوە، کە دەبێتە هۆی ئەنجامی وابەستەیی ئەو هێزە و نەمانی سەربەخۆیی لە بڕیاری چارەنووسازدا پێوەندیدار بە نەتەوەی کوردەوە. لێرەدا داگیرکەر سەر لەنوێ ئامانجی خۆی دەپێکێت بە دروستکردنەوەی هەمان هێزی فورسان و جەحافلەکانی(جاشەکانی) سەردەمی سەددام، کەوەکو ئامیرێکی سوپایی لە لایەن عەرەبەوە بۆ ئەنفالکردنی کوردستان ساڵی 1988 بە کارهاتن.

گریمانەی بە ستنەوەی هزری عێراقچیەتی، بە هۆی گۆڕینی ناوی پێشمەرگە بۆ پاسەوانانی کوردستان، ئەگەر وشەی کوردستانەکەش نەسڕێتەوە. ئەو هێزە کە بوو بە بەشێک لە سوپای عێراق، دەبێت ئامادەش بێت بەرگری لە خاکی عەرەب بکات، نموونەی ناردنی پێشمەرگە بۆ شاری بەغدا کە یەکێک لە و ئەرکانەیە، کە دەبێت پاساوانان پاسەوانی هەموو عێراق بن، بەتایبەتی یەکێتی خاکی عەرەب.

کەواتە گۆڕینی ناوی پشمەرگە جیاوازی نیە لە گۆڕینی ناوی کەرکوک یان هەرشارێکی تری کوردستان بۆ ناوێک کە داگیرکەر هەڵی ببژێرێت، بۆ نموونە بۆ تامیم یان گۆڕینی ناوێکی کوردی بۆ ناوێکی عەرەبی(هیوا بۆ ئەمل) هەردووکی دەڕژێتە خانەی تەعریبەوە و هەوڵدانە بۆ لە نەو بردنی نەتەوەی ژێر دەست.
بەڵام ئەگەر گۆڕینی ناوی پێشمەرگە یان هەر هیما و پیرۆزێکی نەتەوە لە سەر بنچینەی ڕەزامەندی و پەسەندکردنی پەرلەمانبێت، ئەوە ئەو کاتە دەبێتە پرۆسەیەکی سروشتی ئەو نەتەوەیە و ئەو ناوە تازەیە هەمان پیرۆزی خۆی دەبەخشێت. بۆیە ئەمڕۆ ئەرکی نوێنەرانی کوردە، کە دەبێت ووریا بن و ئەو جۆرە بڕیارانەیان لە ووتوێژ لە گەڵ داگیرکەرانە بە سەرد تێنەپەڕێت.

---

سەرچاوە
وێنەی سارای شەریفی
ئەو وێنەیە لەم سایتەوە وەرگیراوە: http://www.bireweri.net/shiler%20u%202pm.htm